خاوەنی ئیمتیاز

جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر

بەختیار محەممەد

makhmur@yahoo.com

# دەنگی مەخموور

www.mexmurpress.com




ئیسماعیل کوێستانی لە دیداری دەنگی مەخمووردا ... ل٥

## یادی ٢٠ ڕۆژی ئازادکردنی مەخموور پیرۆز بێت

بەبۆنەی ١٨ەمین ساڵیادی ڕاپەرینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١دا، گەرمترین پیرۆزبایی لەتەواوی خەڵکی کوردستان و جەماوەری مەخمووری قەراج و کەندێناوەو گوێڕ دەکەین، ڕۆژی ١٢ی ئادار بوو جەماوەری ستەمدیدەو شۆڕشگێڕی مەخموور لەرووی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا ڕاپەڕین، ئەگەرچی تەنها ٢٠ ڕۆژ مەخموور ئازادی بەخۆیەوە بینی. تاوەکو پرۆسەی ئازادکردنی ئێراق لە ٩-٤-٢٠٠٣ بە یەکجاری مەخموورو دەوروبەری ئازادکرا، بەم بۆنەیەوە هیواخوازین ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و مەخمووریش بەهەمان شێوە پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری تێداجێبەجێبکرێت.

جارێکی دیکە جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی خەڵکی ئازادیخوازی مەخمووری قەراج و کەندێناوەو گوێڕ دەکەین. جەژنەکانی نەورۆزو ئادار لە هەموو لایەك پیرۆز بێت.


ژمارە (٦) | ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ (٢٥٠) دینار | یەك شەممە ٢٠٠٩/٣/١٥ | ٢٤ی ڕەشەمێ ٢٧٠٨


# با جەژنی نەورۆزو 18ەمین ساڵیادی ڕاپەڕین بە پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری پیرۆز بکەین

### لە ئەنجامی سەردانیکردنی شاندێکی مەخموور بۆ بەغدا

## بەڵێنی لێدانی ١٠٠ بیری ئاو، لەگەڵ ٥٠٠ ملیۆن دینار درا



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

دوا بەدوای ئەو سەردانەی شاندی دەڤەری مەخموور لە ١٣-٢-٢٠٠٩ بۆ بەغدا ئەنجامیان داو، دواتر هاتنی شاندێك بە نوێنەرایەتی جێگیری سەرۆك وەزیرانی ئێراق لەگەڵ شاندنی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی مووسڵی لێکەوتەوە. لەلایەن شاندی مەخموورەوە کۆمەڵێ داواکاری و ڕاسپاردەیان پێشکەش کردو شاندی میوانیش کۆمەڵێ بەڵێن و هاوکاریان بە خەڵك و ئیدارەی مەخموور دا.

لە لێداونێکدا (بارزان سەید کاکە) قایمقامی قەزای مەخموور بە (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند " دوای ئەوەی وەفدێك لەمەخموور سەردانی بەغدایان کرد، لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان سەرۆك کۆماری ئێراق و جێگیری سەرۆك وەزیرانی ئێراق کۆبونەوە، دوای ئەوەش بەماوەیەکی کورت شاندێك لەبەغداوە سەردانی مەخمووریان کرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە داواکاری و ڕاسپاردەکانی خەڵکی مەخموور بگەیەنن بە بەغدا".

هەروەك قایمقامی قەزای مەخموور ڕوونی کردەوە کە "لەگەڵ هاتنی ئەو شاندانە ڕێگەیەکی باش کرایەوە بۆ هاوکاری کردن، توانیمان ئەوە بخەینە ڕوو کە لەچەند ساڵی ڕابردوو مەخموور بڕێك پارەی لە بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەردەکەوت، بەڵام لە بوودجەی وەزارەتەکان کە پێی دەوترێت بوودجەی کارپێکردن و وەبەرهێنان بێ بەش بووین کە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەکان جێبەجێدەکرا، بڕیاریش وایە کەلەمەودوا لەهەردوو لاوە سوودمەندبین".

دەربارەی ئەو بەڵێن و هاوکارییانەی بە شاندی مەخموور دراوە بارزان سەیدکاکە ڕایگەیاند "لەکاتی سەردانی شاندەکەی مەخموور بۆ بەغدا لەلایەن مام جەلال سەرۆك کۆماری ئێراق ڕەزامەندی لێدانی ١٠٠ بیری ئاو بۆ ناوچەکە دراوە، هەروەها وەزیری وەرزش و لاوانی ئێراقی فیدراڵ بڕی ٥٠٠ ملیۆن دیناری تەرخان کردووە".

پێدانی قەرز بە جوتیارانی دەڤەری مەخموور تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆی نێوان هەردوو شاندی مەخموورو بەغدا بوو، هەروەك قایمقامی مەخموور باسی لێوەکرد "بەر لەهاتنی ئەو شاندە بڕیار درابوو کە قەرز بەجوتیاران بدرێت، هەر بۆیە ڕەزامەندی دراوە هەر جوتیارێك دەتوانێت پارەی قەرز لە بانکی مەخموور وەربگرێت ئەگەر مەرجەکانی تێدا بێت دەتوانێ پارە لەبانك قەرز بکات". یەکێك لە داواکارییەکانی دیکەی خەڵکی مەخموور قەرەبووی جوتیارانی دەڤەرەکە بوو لەبەرامبەر ووشکەساڵی ساڵی ڕابردووەوە سەبارەت بەوەش جارێکی دیکە داوا لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مووسڵ کرا کە نووسراو بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی بەغدا بکات و جوتیارانی مەخموور لە یاد نەکرێن.

هەروەها (هەمزە خدر) یەکێك بوو لەو کەسانەی لەگەڵ شاندی مەخموور سەردانی بەغدایان کردبوو بە (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند "سەرەتای سەردانەکەمان بۆ شاری بەغدا لەگەڵ بەڕێز د.بەرهەم ساڵح جێگیری سەرۆك وەزیرانی ئێراق بوو، دوای ئەوەی ڕاپۆرتێکمان پێشکەش کرد، ئەوەبوو دوو لە بەڕێوەبەرەکانی نووسینگەی خۆی دەستنیشانکرد بۆ سەردانی کردنی ناوچەکە، بۆ ڕۆژی دووەم دیداری بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری ئێراق بوو، لەلایەن خۆیەوە بڕیاریدا (١٠٠)بیری ئیرتیوزای بۆ ناوچەکە هەڵکەندرێ، بۆ ڕۆژی سێیەم گروپێك لەگەڵ د.خلود وەزیری کاروباری ئیداری و یاسایی دانیشتنێکمان سازکرد سەبارەت بە پرسە ئیداری و یاسییەکان". هەمزە خدر درێژەی بەقسەکانی داو و گوتی "گروپێکمان سەردانی وەزیری وەرزش و لاوانی ئێراقمان کرد ئەویش لەلای خۆیەوە بڕیاری دا لە بوودجەی وەزارەتەکەی هاوکاری مەخموور بکات لایەنەکانەوە "پێشدەری" ئیجابی دەرکەوتوون".

## پەیامی دەنگی مەخموور

**خاوەنی ئیمتیاز**

هەژدە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ١٢ی ئادار، جەماوەری کۆڵنەدەرو تێکۆشەری مەخموور لە هەڵمەتێکی بروسك ئاساو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، توانیان ڕق و کینەی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی پڕ لە نەهامەتی و دەربەدەری و چەوسانەوە، دابباڕێنێتە سەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەمن و ئیستخباراتی ڕژێمی بەعسی رووخاوو دەڤەرەکەیان لێ پاك بکەنەوە، بەمەش مەخموور هاوشانی شارو شارۆچکەکانی دیکەی باشووری کوردستان هاتە ئازادکردن، ئەگەرچی هەناسەی ئازادیی لەم دەڤەرەدا تەمەنی زۆر کورت بوو، تەنها (٢٠) ڕۆژی خایاند، بەڵام ئازادیخوازان لەم دەڤەردا مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییان بۆ ناوچەکەو نەتەوەکەیان تۆمارکرد کە تا هەتایە لەبیر نەکرێت و ساڵانە یادی بکرێتەوە.

ئەمڕۆش کە ئێمە گوزارشت لەم (٢٠) ڕۆژ ئازادییە دەکەین، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا نزیکەی شەش ساڵی تەواو بەسەر ئازادی و سەربەستی یەکجارەیەکی دەڤەرەکەمان گوزەر دەکات، کەواتە بۆ ئەوەی ئەم یادەو تەواوی یادەکانی ڕاپەڕین و نەورۆز بەرز ڕاگرین و دڵی هاوڵاتییان خۆش بکەین و متمانەی نێوان جەماوەرو دەسەڵات بەهێزتر بکەین، پێویستە هەرچی زووە بەڵێنەکانی خزمەتکردنی هاوڵاتییانی دەڤەرەکەو پێش کەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی پاشماوەی داڕووخاوی چەندین ساڵەی سیاسەتی بۆگەنی ڕژێمی بەعس ڕیشەکێش بکرێت و سیمای دەڤەرەکە بۆ شێوازێکی شارستانیانە بگۆڕدرێت، شەش ساڵی تەواوە (مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕ) لەنێوان دوو ئیدارەیی دەناڵێنێ، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا هەندێك پرۆژە ئەنجام دراون، بەڵام بە پێی پێویست نەبوون و نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی تێنویەتی جەماوەر بشکێنن، شەشەمین نەورۆزمان بەرێ کرد، کەچی تائێستا نەتوانراوە بە تەواوی گوندە خاپوورکراوەکان سەرلەنوێ ئاوەدان بکرێنەوە، مادەی (١٤٠) کە ماددەیەکی دەستوورە، بۆ خەڵکی مەخموور تەنیا یەك جار چەکی قەرەبووکردنەوەیان بۆ سەرف کراوە، ئەوانەی تائێستاش کە چەکەکانیان وەردەگرن، کاتی سەرف کردنیان دیار نییە، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە (٣) هەزار هاوڵاتی ناویان کەموکوڕی و هەڵەی تێدایەو ماوەیەك دەبێت ڕاگەیاندراوە، بەڵام هیچ کاری بۆ نەکراوە، هەر بۆیە وا دەبینرێت جێبەجێ کردنی ماددەکە جۆرێك لە سستی و پچڕپچڕی پێوە دیارە، جیا لەوەش هاوڵاتییەکی زۆری دەڤەرەکە کە گوندەکانیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تەخت کراوە، لەوساوە لە مەخموور نیشتەجێن و پسوولەی خۆراکیان سەر بە موسڵە، تا ئەمڕۆ چارەنووسیان نادیارە، کە ئایا قەرەبووکردنەوە ئەوان دەگرێتەوە یان نا؟ کە مافی خۆشیانە وەکو ئەوانی دی قەرەبوو بکرێنەوە، کەواتە با بەجێبەجێ کردنی بەڵێنەکان و پێشکەش کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری جەژنی نەورۆز لە جەماوەری مەخموور پیرۆز بکرێت.

### دیبەگە

## فەرمانبەرێکی تەندروستی دەدرێتە دادگا

**تایبەت بە دەنگی مەخموور**

دوای ئەوەی (جاسم محەممەد)ی فەرمانبەر لەبنکەی تەندروستی دیبەگە وەك پیشەی شوفێر لەکاتی گواستنەوەی نەخۆشێك بە ئۆتومبێلی فریاکەوتن لەشاری هەولێر تووشی ڕوداوی پێکدادان دەبێت لەلایەن دادگاوە تووشی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

لە لێداونێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور)، جاسم محەممەد فەرمانبەر بە پیشەی شوفێر لە بنکەی تەندروستی دیبەگە پێی ڕاگەیاندین "لە ڕۆژی ٢٥-١-٢٠٠٩ نەخۆشێکی سەخت هەبوو ئێمەش هەستاین بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، لەگەڵ گەیشتنم بە هەولێر فیکەی ئاگادار کردنەوە بەکارهێنا، بەڵام ئۆتۆمێلێك خۆی کێشا بە ئۆتومبێلەکەم، منیش بەردەوام بووم لەسەر ئەرکەکەم نەخۆشەکەم گەیاندە نەخۆشخانە".

دوای ئەو ڕووداوە خاوەنی ئۆتومبێلەکەی دیکە دوای مانگێك بەسەر ئەو ڕووداوە هەڵدەستێت بەتۆمارکردنی سکاڵا، هەر بۆیە (جاسم محەممەد)ی شوفێری فریاکەوتن لەلایەن دادوەرەوە هەفتەیەك دەخرێتە زیندان و ئێستاش بە کەفالەت بەردراوە تا ڕۆژی دادگایی کردنی.

لەدرێژەی قسەکانی جاسم محەممەدی شوفێری فریاکەوتن گوتی "لە هیچ ولاتێکم نەبینیوە فەرمانبەری تەندروستی کە شوفێری فریاکەوتن بێت بخرێتە زیندان و دواتریش داداگایی بکرێت، بۆیە من داوای مافی خۆم دەکەم کە یەك هەفتە لەسەر چی زیندانی کراوم و کەچی ئێستاش داداگایم دەکەن ئەگەر چی شوفێری ئۆتومبێلی بەرامبەر لەدواوە لە ئۆتومبێلەکەی منی داوە".

### لەناوەڕاستی مانگی داهاتوو

## دیمستۆرا ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات



دەنگی مەخموور

لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو، نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان "ستیڤان دیمستورا"، ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی ناوچە دابڕاوەکانەوە پێشکەش دەکات. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی "ئەلسەباح"ی ڕایگەیاند "پسپۆڕانی نێودەوڵەتی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکوك و نوێنەرەکانیان بەردەوام دەبن، تاوەکو بگەنە "تەوافق"ێکی سیاسی لەبارەی کێشەی کەرکوکەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەلای گشت لایەنەکانەوە "پێشدەری" ئیجابی دەرکەوتوون".

سەرچاوەکە ئەوەشی درکاندوە "لەماوەی داهاتوودا چاوپێکەوتنی پسپۆڕەکان لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکانی کەرکوك بۆ تاوتوێکردنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەی ٢٣یە لە یاسایی هەڵبژاردنەکانە کە تایبەتە بە کەرکوك، هەروەها دۆزینەوەی چەند چارەسەرێکە بۆ کێشە سیاسیەکان و کەمکردنەوەیان بۆ مەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردن".

ئەمە لە کاتێکدایە کە مانگی ڕابردوو شاندێکی ڕاوێژکارانی سیاسی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی کەرکوکیان کرد، تاوەکو لەبارەی "ناوچە دابڕاوەکان"ەوە ڕاپۆرتێك ئامادە بکەن و دابەشکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکەش تاوتوێ بکەن.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کارو ڕاپۆرتی ئەو شاندە دەبێتە یارمەتیدەری "ستیڤان دیمستورا" کە لەناوەڕاستی مانگی نیساندا ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی ناوچە دابڕاوەکانەوە پێشکەش دەکات.

رائید فەهمی:

## لیژنەی ماددەی ١٤٠ پێویستی بە 500 ملیۆن دۆلارە



**دەنگی مەخموور**/ سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ رائید فهمی ڕایگەیاند "لێژنەکەی پێویستی بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەمساڵدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات".

رائید فەهمی کە لە هەمان کاتدا وەزیری زانست و تەکنۆلۆژیایە لە کابینەی حکومەتی سەرۆك وەزیران نوری مالیکی ڕایگەیاند "لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ لیژنە پەرلەمانییەکان تایبەت بە مەسەلەی بودجەی ئەمساڵی لیژنەکە داوامان کردووە بڕی بودجەی ئەمساڵی کارەکانی لێژنەی ماددەی ١٤٠ زیاد بکرێت بۆ بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار".

لێژنەی ماددەی ١٤٠ لێژنەیەکی تایبەتە بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەی عێراقی فیدراڵ و بڕیارە ئەو لێژنەیە لە سێ قۆناغدا کارەکانی تەواو بکات و چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بکات. قۆناغەکانی کارکردنی ئەو لێژنەیە بریتیین لە ئاساییکردنەوە، سەرژمێری گشتی دانیشتوان، ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی ناوچەکان.